لە شاری نەجەف دەست بەسەر نزیکەی یەک ملیۆن و نیو حەبی ماددەی هەشبەردا گیرا

لە شاری نەجەف دەست بەسەر زیاتر لە یەک ملیۆن حەبی ماددەی هەشبەردا گیرا.

دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عەراق ڕایگەیاند، لە شاری نەجەف یەک ملیۆن و 400 هەزار حەبی ماددەی هەشبەر دەستیان بەسەرداگیرا، کە لەناو قوماشی ئافرەتاندا شاردرابوونەوە.

دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عەراق ڕوونیشیکردەوە، "ئەو حەب و ماددە هەشبەرانەی کە شاردرابوونەوە، قاچاخچییەکان بەنیازبوون بەرەو ناوچەکای دیکەی ڕەوانەی بکەن".

سەبارەت بە جۆری ئەو حەبانە، لە جۆری کەپتاگۆن بوون و لەگەڵی کەمپانیاکانی تایبەت بە گواستنەوەی کەلوپەل هەنراونەتە عەراق.